# نامةي عومةري كوري خةتاب
# بؤ يةزدطردي سَييةمي ساساني شاهنشاي فارس

**لە- عومەری کوڕی خەتاب خەلیفەی موسڵمانان**

**بۆ- یەزدگردی سێیەم شاهەنشای فارس**

**یەزدگرد**...

**من داهاتوویەکی باش بۆ تۆ و گەلەکەت نابینم، ئەگەر بێتو پێشنیاری من قبوڵ نەکەیت و بەیعەتت نەدەیت.**

**سەردەمانێك وڵاتی تۆ دەسەڵاتی بەسەر نیوەی دنیای ئەمڕۆدا هەبووە، بەڵام ئێستا دەبینی چلۆن تووشی شکستی و هەرەس هاتووە. سوپاکەی تۆ لە هەموو بەرەکانی شەڕ شکستی هێناوە و گەلەکەت مەحکومە بەلەناوچوون.**

**من ڕێگایەك بۆ قوتاربوونت پێشنیاردەکەم، دەست بکە بە پەرستنی خواوەندی تاك، تاقانە خودای تەنیا، خوایەك دروستکەری هەموو شتێکە لە جیهاندا.**

**ئێمە پەیامێك بۆ تۆ و جیهان دەهێنین، ئەویش ئەوەیە کە ئاگر پەرستی ناڕاستەو و دەستی لێهەڵگرن، لەگەڵ کاروانی ئێمە دابن بۆ گەیشتن بەڕاستی.**

**ئەڵلا خواوەندی راستەقیەن بپەرسن، دروستکەری جیهانە، ئەڵلا بپەرستن و ئاییی ئیسلام وەکو ڕێگای سەرفرازی خۆتان پەسەند بکەن و کۆتایی بێنن بە هاوبەشی دانان بۆ خودا و دوورکەونەوە لە پەرستنی شتی ناڕاست و باوەڕ بە ئیسلام بێنن.**

**هەتا بتوانن ئەڵلاهوئەکبەر وەکو رزگارکەری خۆتان بناسن و بەم کرداره تەنیا ڕێگای مانەوەی خۆت و ئارامی بۆ فارسەکان دەدۆزیتەوە ئەگەر تۆ بزانیت چ شتێك بۆ فارسەکان سوودمەندە ئەوا ئەم ڕێگایە هەڵبژێرە، پەیمان و بەیعەت تەنیا ڕێگایە.**

**ئەڵلاهوئەکبەر**



www.dengekan.com
Digitally signed by www.dengekan.com
DN: CN = www.dengekan.com, C = US, O = dengekan, OU = dengekan
Date: 2006.03.08 01:09:35 -05'00'

# وةلآمي يةزدطردي سَييةم

# بؤ عومةري كورِي خةتاب

**له شای شايانی فارس و ئه‌وانی دی، شای زۆر له ولآتـان، شای ئارييه‌كان و ئه‌وانی دی، شای فارسه‌كان و زۆر له نه‌ته‌وه‌كانی ديكه، و هه‌روه‌ها عه‌ره‌به‌كان..**

**شاهنشای فارس، يه‌زدگردی سێيه‌می ساسانی.**

**بۆ عومه‌ری كوڕی خه‌تـاب جێنشينی عه‌ره‌به‌كان**

**به‌ناوی ئه‌هورامزدا، دروستكه‌ری گيان و ئاوه‌ز، تۆ له‌نامه‌كه‌تدا بۆت نووسيوم كه ده‌ته‌وێ ڕێنمامان بی  بۆ لای خواكه‌ت (اللّٰه اكبر). بیٚ ئه‌وه‌ی بزانی ئێمه كێن و چ ده‌په‌رستين؟**

**زۆرم پیٚ سه‌يره تۆ له شوێنی جێنشينه عه‌ره‌به‌كان پاڵت داوه‌ته‌وه و دانيشتووی، به‌ڵام بيركردنه‌وه‌ت و تێگه‌يشتنت به‌قه‌د به‌رۆڵڵايه‌كی نه‌فه‌س نزمی عه‌ره‌به. به‌رۆڵڵايه‌ك له بيابانی عه‌ره‌بان و وه‌كو پياوێكی خێڵه‌كی و بيابان نشين. (به‌ده‌وی).**

**پياويژگه تۆ پێشنيارم پێده‌كه‌ی كه خوای تاقانه بپه‌رستم، بیٚ ئه‌وه‌ی كه بزانی كه هه‌زاران ساڵه فارسه‌كان خوای تاقانه ده‌په‌رستن و ڕۆژانه ٥ جار نوێژ ده‌كه‌ن و كرنۆشی بۆده‌به‌ن.**

**له‌مێژ ساڵه له‌م ولآته‌دا هونه‌ر و ڕۆشنبيری ڕێڕه‌وی سروشتی خۆی گرتۆته‌به‌ر. كاتێك خه‌سڵه‌ت و ڕێوره‌سمی ميوانگری و و كرده‌وه‌ی چاكمان له جيهان دامه‌زراند و ئاڵای بيركردنه‌وه‌ی باش، قسه‌و وتاری باش، كرداری باش شه‌كانده‌وه**

**باو باپيرانت له بيابانه‌كاندا ده‌خولانه‌وه و، مارميلۆقيان ده‌خوارد، چونكه له‌وه زياتر هيچی ديكه‌يان وه‌گير نه‌ده‌كه‌وت بيخۆن، كچه بێگوناهه‌كانتان زينده به‌چاڵ**

دەكرد، گەلی عەرب هیچ نرخێكی بۆ كردگارەكانی یەزدان دانەدەنا، ئێوە منداڵەكانی خواتان سەردەبڕی، هەتا دیلەكانی جەنگیشتان دەكوشت، ئێوە دەستدرێژی دەكەنە سەر ئافرەتان، كچەكانی خۆتان زیندە بەچاڵ دەكەن و هێرش دەبەنە سەر كاروانەكان، كوشتنی بەكۆمەڵ دەكەن، ژنەكانی خەڵك دەدزن و سەروەت و سامانیان بەتاڵان دەبەن؟ دڵتان رەقە وەكو بەرد، ئێمە هەموو كردەوە خراپ و ئەهریمەنییەكانتان كە ئێوە دەیكەن ریسوا دەكەین، ئێوە چۆن دەتوانن ئێمە بێنە بێنە سەر رێگای خواپەرستی لە كاتێكدا ئەوە كردەوتانە. تۆ ئەمرم پێدەكەی ئاگر پەرستی وەلانێم!! ئێمە فارسەكان ئەویندارى خواى خۆمانین و هێزی ئەو لە رووناكی خۆر و گەرمی ئاگردا بەدی دەكەین، رووناكی گەرما و خۆر و ئاگر ئەو توانایەمان دەداتێ رووناكی ونوری حەقیقەت ببینین و دڵەكانمان بە ئەوێنی خوا و خۆشەویستی یەكتر گڕ بگرێ و بتوێتەوە. یارمەتیمان دەدات تاكو خۆشەویستی لەگەڵ یەكتر ئاڵوگۆڕ بكەین، دڵمان گەشبین و رووناك دەكات ئەو توانایەمان پێدەبەخشێ كە ئاگری ئەوینی ئاهورامەزدا لە دەروونماندا هەروا گەشاوە بێت. خوای ئێمە ئەهورامەزدایە و جێی سەرسوڕمانە كە ئێوە تازە خواتان دۆزیوەتەوە و ناوتان ناوە (اللّٰه اكبر)!! بەڵام ئێمە وەك ئێوە نین، ئێمە لەگەڵ ئێوە لە پلەیەكدا نین. ئێمە یارمەیەتی مرۆڤایەتی دەدەین، ئێمە تۆوی عەشق و ئەوین دەچینین. نەمامی چاكەكاری دەروێنین هەزاران ساڵە كە رۆشنبیری خۆمان پەرە پێپێدەدەین، لەگەڵ ئەوەشدا رێز لە كەلتوورەكانی دیكەی جیهانیش دەگرین. لەكاتێكدا ئێوە بەناوی (اللّٰه)وە هێرش دەكەنە سەر وڵاتانی دی!! خەڵك بەكۆمەڵ دەكوژن، گرانی و قاتی و قڕانی دێنن. تۆوی ترس و دڵەڕاوكێ و نەداری دەروێنن؟ ئێوە بەناوی ئەڵڵاوە ئەهریمەن دەخولقێنن. كێ بەرپرسی ئەو هەموو بەدبەختییە؟ ئایا ئەوە ئەڵڵایە فەرمانتان پێدەدات بكوژن و ببرن و تاڵان كەن و هەموو شتێك تێكبدەن؟ ئایا ئێوە بڕواتان بە ئەڵڵا هەیە و ئەم كردارە خراپانە بەناوی ئەووەوە دەكەن؟

یان خوتان و خواتان لەو بڕوایەدان؟ واتە خوا فەرمانتان پێدەکات یان بۆخۆتان بەناوی ئەڵڵاوە ئەو کردەوە خراپانە دەکەن. ئێوە لە دەشتە قاقرو وشکەڵانەکان کە هیچی لێ بەرهەم نایە و سەوزایی لێ شین نابێ ڕابوونە و دەتانەوێ بەڕێگای لەشکرکێشی و هێزی شمشێرەکانتان وانەی عەشق و خواپەرسیت بە خەڵك بدەن، ئێوە دڕندەکانی بیابانن، لەکاتێکدا دەتانەوێ ئێمەی شارستانی کە هەزاران ساڵە لە شارەکان دەژین فێری عەشق و خواپەرستی بکەن!

ئێمە هەزاران ساڵە پشتمان بەکەلتوورێکی مەزن بەستووە، هەر بەڕاست ئالییەتێکی زۆر بەهێزە! پێمان بڵێن؟ بەو هەموو لەشکرکێشییەتان، بەو هەموو دڕندەیی و کوشتن و گرانی برسی هێنانەتان کە بەناوی ئەڵڵاوە دەکرێ، بەم سوپای ئیسلامەتان چیتان فێرکردین؟

ئێوە چیتان فێری موسڵمانەکەی خۆتان کردووە کەوا سووربن لەسەری کە فێری خەڵکانی ناموسڵمانی بکەن؟ ئێوە چ کەلتوور و ڕۆشنبیرییەك لەو ئەڵڵایەی خۆتان فێربون کە ئێستا دەتانەوێ بە زۆر فێری خەڵکانی تر بکەن؟

جێگای داخە، ئاخ جێگای داخە، کە ئەمڕۆ سوپایەکانی فارسی ئەهورایی لە سوپاییەکانی ئەڵلاپەرستی ئێوە شکستیان خواردووە، ئێستا گەلی ئێمە دەبێ هەمان خواپەرستین، پێنج فەرزە نوێژ دابەستین. بەڵام بە هێزی شمشێر خوا بپەرستن و بە (اللّه)یان بانگ بکەن، بە عەرەبی ستایشی بکەن. چونکە ئەڵڵا تەنیا عەرەبی دەزانێ و تێدەگا!!

پێشنیارتان پێدەکەم خۆت و تاقمە ڕێگرەکەت خۆتان و کەلوپەلتان وەپێچن بگەڕێنەوە بۆ بیابانەکانتان ئەو شوێنەی کە لێی دەژیان! ئەوان بەرەوە بۆ جێگایەك کە بەر قرچەی گەرما ببرژێن چونکە لێ ڕاهاتوون،

ژیانی خێڵایەتی، خواردنی مارمیلۆق و خواردنەوەی شیری حوشتر. من ئیزنت پێنادەم کە خۆت و داروودەستە ڕێگرەکەت بە مەیلی خۆتان لە زەوییە بە پیتەکانمان، شارەکانمان گەلە نەبەز و سەربەرزکەمان بەرببی. لێمان گەڕێ با ئەو گیانلەبەرە دڵڕەقانەت بە کۆمەڵ خەڵکمان لێنەکوژن، ژن و منداڵمان

نەرفێنن، دەستدرێژی نەکەنە سەر ژنانمان و کچانمان بەدیلی بۆ مەککە نەبەن.
ڕێگایان مەدە کە بەناوی ئەڵلا و ئەڵلا و ئەکبەر تووشی ئەم کردەوانە ببن، کۆتایی بە کردەوە تاوانکارییەکانی خۆتان بێنە، ئارییەکان بەخشندەن، خانەدانن و گەلێ ڕەسەنن، بۆ هەر شوێنێ کە چووبن تۆوی دۆستایەتی و  برایەتیان چاندووە. ئەوین، عەقڵ، ڕاستی و حەقیقەت، کەوایە بزانە ئەوان لە ئاست ئەو کردەوانەتان سزاتان نادەن.

داوات لێدەکەم کە لەگەڵ ئەڵڵاه و ئەکبەرەکەت لە بیابانەکاندا بمێنەوە، لە شارە پێشکەوتووەکانی ئێمە نزیک مەکەوە. چونکە بیروباوەڕەکانتان زۆر ترسناکن و کردەوەتان زۆر دڕندانەیە.

**واژوو**

**شای شاهان یەزدگردی سێیەمی ساسانی**

وەرگێرانی لە فارسییەوە /یارسانی ئاتەشی

nawaenwe@yahoo.com